# نیشتیمان لەسەفەری لەقلەقەکاندا



نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

قافلَە سەرهەلَگرتوەکانی دوێنیٚ
خەبەریان ناردبوو دێینەوە
سلاَوێك لەو کۆتەرانە دەکەین
بەرلەسەفەری ئێمە تولَەنەمامێکی ساوابوون
سلاَوێك لەگۆری ئەو سەربازە دەکەین
سەنگەر نشینەکەی ئەوبەری
چرکەیەدی نەیکوشتایە
دەبو رۆحی خۆی بسپێریٚ
لەکۆتەلَی شەهیدە بێنازەکاندا
سەربازە هەلاَتوەکان
تفەنگەکانیان کردە (کەڕەنا )
مارشی بێزاربون لەجەنگیان پیٚ لێئەدا
منالَەکان قاقا بەومینانە پێدەکەنین
بێهودەیی تەقینەوەی بیر بردنەوە
چۆلەکەکان لەخوێندنەوەی با و
بەخواردنەوەی دواقومی فرین نەگەشتن
نیشتمان مرد
گولٚ هەلَوەری
من دلۆپێك ئەشکم نەرشت
(پەیامی سەربازێکی بێزار لەساتەکانتی خۆکوشتنا ) :
من کەدەروازەیەك نەبێت
لەکوتانی دەستەکانما خۆی کاتەوە
سەحەرێك گویٚ لەکلۆلٚترین ئازاری من رانەگرێت
بستە زەویەك نامێنیٚ منی تێدا نامۆ نەبم ... کە
نیشتمان جەنگ و مەنفا
توانەوەی رۆح بێت
نازانم بونم گەمەی خواوەند بو
یان ساتێکی ئۆرجازمی بابە
برادەر ئەرۆم
لەنێوان بون ونەبونما
مانایەکی ترم نەبو بۆبێدەنگی

www.kurdistannet.org

لەوسارایەدا نەمتوانی

چۆرێ ئاو بدەمە ئەو رێبوارە مەئیوسانەی

کاتژمێرەکانیان خیانەتی لێکردن

لەم سەفەرەما لەهیچ نەگەشتم

نەمئەزانی بەرەزا

بۆچی مەکر بەسە بەفرا ئەکا

هەنجیر بۆهێندە شیرینەو ......و......

نەمەزانی بولبول سەحەران لەباخچەدا

ئەگری یان گۆرانی ئەڵێ

برادەر ئەرۆم

بەکۆڵێ پرسیارەوە هاتم و بەرسڤێکم لانەبو بۆگەرانەوە دەرۆم

دەرۆ

دەر

دە

د

با دەریاکان وشك بن.......... ئاومان ناوێت

کورەکانمان خەسیون ............ئاویان ناوێت

ژنەکان هەردەم بەنوێژن..........ئاویان ناوێت

چ قاقرێکی گەورەیە ئەم بیابانە بێسەرابە

چ ئەسەفێکی گەورەیە

نیشتمان بمرێت ..و

ئاڵایەك نەبێت بیکەنە کفنی ! !

کەمناڵ بوم دایکم ئەیوت :

یاری بەمەقەس مەکە

جەنگێکی تر بەرپا ئەبێت

خوێ مەرێژە بەبرژانگ کۆ نابێتەوە

ددانە کەوتوەکانت لەکونی دیواران نێ

قەرزی خوایە ئەبێ مەحشەر بدرێتەوە

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

**بەشی دووەم**

من جەستەی سەرما بردوی

بەرکرێوەی بەفرەکانی زمستانم

قرچەی جەستە سوتاوەکان

بەستەڵەکم نابەنەوە

چ سرودێکی تاڵە

داچۆرانی دواقومی مەی

بۆنێوسنگی پەرداخە کریستاڵیەکانی بێهودەیی

داباریێ

رەشایی جەستەمی کردە تاریمایی

درەختەکان هێندە پێم پێکەنین

چی گەڵایان هەبو

و ە ر ی

بەیانیەك گەڵاکان هاتنەوە یەکسپێدەیەك خۆر ئاوا بوو

رۆژێك منیش سەفەر دەکەم (رەنگە وادەی سەفەر نەبێ )

بۆ نیشتمانێك من ناوی نازانم ( رەنگە ناوی تری هەبێت )

بەتەنێ لەقلەقێکی پیر بیزانێت و

لەسەفەرێکی دورا لەبیری کات ! !

ئەترسم بەرلەوەی برۆم

بستێ خاکم دەسنەکەوێت

موروی یادەکانی دایکمی تیا حەشاردەم

رستە گەڵامێوە وشککراوەکانی دایکم رۆژمێری وڵاتەکەمن

(رۆژێك بەرلەوەی بمرێت _دایکم _ لەسەر رستە گەڵامێوە وشك کراوەکانی نوسیبو :

درێغا ئەمە نێرگسە جار نیە

تاپەپولە پاسەوان بێت

ئێرە بای سێوەکرمێبوەکانی گوناهەو

قەڵەمرەوی مەلا کەوسەری باخەوان )

بەخەتێکی زۆر کۆن (رەنگە ئاوێستایی بێت )

وبەرەنگێکی سور (لەوانەیە خوێنی بێنوێژی هەنار بێت ) ..

نوسیبوی :

www.kurdistannet.org

کورِم لەدواین لاپەڕەدا دوا سەرنجی خۆت لەمەر وڵاتێکیبێ ئاڵابنوسە .

ئەستێرە نەدەکشاو مردن هەرهەبو

گەمە بەمەقەست نەئەکراو جەنگ هەر هەبوو

باران هەبوو گەنم نەبو

گەنم هەبو وکوللە نەبو

کرمێترین سێوی باخی عەدەن

کەمبەجوانیت فریومانده

لەدوائاویلکەی تەمەنتا جەرگمان مەخۆ

سەرمان سپی بوو

ئاگرەکانت پێنەبون

بەفرەکانت نەچونەوە

تەمەنی نوحێکە لەگیانەڵادایت و نامری

لەچاوەڕوانی تۆدا

بۆڵە ترێی ڕوانینمان بویە

م ێ و ژ

گوڵە گەنمی باڵامان شکایەوە

قافڵەکانیش نەگەڕانەوە

تۆش نەمردی

تاجەنگەکانت تەواوبن ! ! !

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET